# کەرکوک: قەیرانی هاووڵاتی بوون یان کێشەی نیشتیمان؟

ن. نەجاح محەمەد عەلی- دوبەی
و. هیوان ناسیح/ سویسرا

**بۆ زانینی رادەی تێگەیشتن و بیروبۆچون بۆ کێشەی کەرکوک لە گۆشەنیگای نوسەرێکی عەرەبەوە، ئەم وتارەی (نەجاح محەمەد عەلی)م وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە سەرەڕای هەندێ هەڵەو بۆچوونی نارێک، کە پێدەچێت لە بێ ئاگایی نوسەر و کەمی زانیاریەوەی بێت و هەروەها روانینی بۆ کێشەی کەرکوک لە سۆنگەی عێراقی بوونەوە، بەڵام وەک دەبینین جگە لەوەی ئەم لە رەهەندێکی مێژووییەوە هەندێک زانیاری نوێی درکاندوە، تاڕادەیەکی باش و بە ویژدانەوەش لە سەر مەسەلەکەی نووسیوە، هەڵبەتە چاوەڕێی ئەوەشی لێ ناکرێت، کە ئەو وەک کوردێک بۆ کێشەکە بڕوانێت. (وەرگێڕ).**



کێشەی کەرکوک و بابەتی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشەکان تێیدا پرسیارێکی مەترسیدار لە سەر داهاتوی سیاسی عێراق لە نێوان بۆچونی هاووڵاتی بوونی عێراقی و دابەشبونیدا ئەوروژێنێت، نەک بۆ چەند بەشێکی فیدرالی، بەڵکو بۆ چەند حکومەتێکی سەربەخۆش.

بە دڵنیاییەوە ئەمە هەڕەشەیە لە سەر کیانی سیاسی یەکگرتووی عێراق، بگرە ڕەنگە لە سەر عەڵقەی هاووڵاتی بوون و هەستی ئینتیماش لە نێوان دانیشتوانیدا.

لەم شارە جوانەی، کە تەمەنی بە نزیکەی پێنج هەزار ساڵ مەزەندە دەکرێت، واش دەبینرا، کە هەموو دەمارگیریە نەتەوایەتییەکان تێیدا بەرەو نەمان بچێت، تا نمونەیەکی عیراقی یەکگرتوو پیشانی جیهان بدات، ئێستا و لەم ڕۆژگارەدا بە قەیرانێکی ئینتیمای تەواو بۆ کێشەی ململانێی نەتەوایەتی تێدەپەڕێت، ئەمەش لە ڕاستیدا وێنەیەکی نەرێیی (سلبی) یە لە سەر عێراق، کە لەسەر بنچینەی قێزەونی هەر کەس بەشی خۆی( محاصصة)، کەوا پاڵ بە عێراقییەکانەوە دەنێت و بەنابەدڵی وایان لێ دەکات، کە بە دوای پێکهێنانی وڵاتۆکە و کانتۆن (هەرێم) بکەون.

لەم قوڵاییە شارستانییەوەی، کە ڕیشەکەی بۆ شارستانییەتی بابلییەکان و ئاشوورییەکان و میدییەکان درێژ دەبێتەوە. شاری کەرکوک هەڵگری پەیامێک بووە بۆ هەموو جیهان، لە پێکەوەژیانی برایانەی نێوان نەتەوەکان و ئاینەکان. سەرەڕای ئەو هەموو جەنگانەی، کە لە نێوان شارستانییەکاندا ڕویاندا، بەڵام تابلۆیەکی هەمەڕەنگ بووە، کە نمونەی لە ئەزەلەوە کەمە.

ئەو بۆچوونە جۆراوجۆرانەش کە لە سەر بنچینەی ناوەکەی بە پێی هەر یەک لەو شارستانییانە، کە تێیدا نیشتەجێ بوونە هەبوون، ڕێگر نەبوون لەبەردەم ئەوەی، کە کەرکوک شاری جوانی و دڵرفێنی و مێژووە، تەنها ئاماژە بە (قەڵای کەرکوک)، کە تا ئەم ڕۆژگارەش گەواهیدەرە لە سەر توانای بەرگری و خۆڕاگری شارەکە بە ڕووی هەموو ئەو پەلامار و هێرشانەی پیادا تێپەڕییوە و جەختیش لە سەر هاوژیانی و گیانی لێبوردەیی و گفتوگۆی نێوان ئاین و نەتەوەکان دەکاتەوە، ئەوە نیشانەیەکی زیندوی پاشماوەی شەپۆلەکان و سەردەمە جیاوازەکانە، کە پیادا تێپەڕیوە، پێش ئەوەی ڕەوشی ئاڵۆزی ئێستای شارەکە هەڕەشە لەم ڕاستییە ڕاشکاوە بکات.

لەم سەر زەویە بە نەوت داپۆشراوەی، کە مەشخەڵێکی هەمیشەیی داگیرساوی لێ دەبینرا و هەر لە کۆنیشەوە سەرنجی ڕێبواران و کاروانەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، کاتێ شارەکە بە شورایەکی قایمی چواردەوریەوە بنیادنرا، و ئەو لەوحە گڵین (قورین)ە هەرە دێرینانەشی کە بە خەتی بزماری نوسراون و لە قەڵای کەرکوکدا دۆزراونەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم شارە بە هەموو ناوەکانییەوە، لە عەرەبی و تورکی و کوردی و زمانەکانی تر، تا ئێستاش بە کەرکوک یان کورکوک دەناسرێت، مانای (زەوی گەرم) دەگەیەنێت، پاش ئەوەی کە ناوەکە چەندان جار گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، لە نێوان کرمکان، کە دواتر گۆڕا بۆ جرمقان یان جرمیق، وەک عەرەب پێی دەڵێن، و کەرکوک وەک تورکمانەکان ناویان لێناوە و ناوەکەشیان لە (جوانی) یەوە وەرگرتوە و بووە بە گەرمیان (کەرمیان)، ئەمەش ئەو ناوەیە، کە کوردەکانیش پێی دەڵێن.

## عێراقێکی بچوککراوە

هەر لە کۆنەوە لە کەرکوکدا، ڕەگەز و نەتەوەی هەمەچەشنەی وەک کورد و تورکمان و عەرەب ( موسوڵمانی شیعە و سوننە) و کلدانییەکان و ئاشورییەکان و ئەرمەنییەکان و سابیئە مەندانییەکان و ئێزیدیەکان ژیاون. هیچ شتێکیش نەیتوانی ئەم ژیانە سادە و ڕەوانە بگۆڕێت تەنها بڕیارێکی سیاسیانەی ڕژێمی سەددام نەبێت، کاتێ لە کۆتایی ئامادەکاری ڕێکەوتنی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دا بوو، لەو کاتەدا (کەرکوک) بووە ئەو کۆسپەی کە نەهێڵێت کۆتایی بە جەنگی نێوان کوردەکان و حکومەتە جۆراوجۆرەکانی(بەدواییەکدا هاتووەکانی) عێراق کۆتایی پێ بهێنێت، کە هەر لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو وە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی نوێوە درێژەی هەبوو، لە بەر ئەوەی کێشەی کەرکوک بەردەوام بە هەڵپەسێردراوی لە چاوەڕوانی سەرژمێریەکاندا مابووەوە ، بۆ زانینی ڕێژەی نەتەوە جۆربەجۆرەکان تێیدا.
کوردەکان بە سەرکردایەتی سەرۆکی مێژوویيان مەلا موستەفا هیوایەکی زۆریان لە سەر ئەو سەرژمێریکردنە بنیادنابوو، بۆ ئەوەی جەخت لە سەر گوتەکەی خۆیان بکەنەوە سەبارەت بە پێناسی کوردبوونی کەرکوک، بەڵام پاش ئەوەی دەنگی تۆپ و گوللە بە سەر نەخشەکەی ڕێکەوتنی ئازاردا سەرکەوت، ویستەکەیان نەهاتەدی، ئەمەش پاش ئەوە هات، کە حکومەتی ئەوسای عێراق، پێداگرتنی بەرزانی لە سەر (ماف)ی کورد لە نەوتی کەرکوکدای بە ڕاگەیاندنی جەنگ بۆ سەر خۆی دانا ، دواتر حکومەت یەکلایەنە (ئۆتۆنۆمی) بە پێی پێوەر و بۆچوونی خۆی ڕاگەیاند، کە بە گوێرەی ئەو ڕاگەیاندنە کەرکوک و خانەقین و جەبەل شێخانی لە کوردستان دابڕیبوو، نەک وەک ئەوەی کە بارزانی دەیویست.

ئینجا حکومەتی ئەوکات دەستی کرد بە گۆڕینی سنوری بەڕێوەبردنی کەرکوک، بۆ ئەوەی زۆرینەی ژمارەی عەرەبی بۆ دەستەبەر بکات، هەروەها ناوی شارەکەشی گۆڕی بۆ (پارێزگای تەئمیم)، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە بەعەرەبکردنەفروانەی، کە بەعس لە شارەکەدا پیادەی دەکرد.

## بەعەرەبکردن و نیشتەجێکردن

دەکرێت کە بڵێین تەعریبکردنی کەرکوک بە شێوەیەکی نەخشەبۆداڕێژراو هەر لە ساڵی ١٩٦٣ ەوە دەستی پێ کردوە، وە هەندێک وای دەبینن، کە لە سەردەمی پاشایەتییدا و بە پشتگیری ڕاستەوخۆی کۆمپانیای نەوتی عێراق، کەوا لە کەرکوک بوو وە دەستی کردوە بە هێنانی ژمارەیەکی زۆری کرێکار لە دەرەوەی شارەکەوە بۆ ئەوەی بە تەنیشت کارخانەی نەوتەکەوە گەڕەکی تایبەتییان بۆ دروست بکات، وە دەشوترێت کۆمپانیاکە کرێکارە ئاشورییەکانی لە باقوبەوە هێناوە و لەوێ نیشتەجێی کردون، کە خۆیان پێشتر و لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ئێرانەوە ڕویان کردبووە ئەوێ.

بەڵام ڕژێمی پێشوو وە هەر لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە، بە بەرنامە و بە چڕی پیادەیکرد، نەک تەنها لە کەرکوکدا بەڵکو لە شارەکانی تری باکوری عێراقدا، کە زۆربەی خەڵکەکەی کوردن، هەڵبەت خانەقین، یان ئەو جێیانەی، کە سەر بە ناوچە کوردییەکانن، بەتایبەتی کەرکوک و خانەقین، ئەم سیاسەتەش تا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یش هەربەردەوام بوو، کە تا ئەو کاتە ژمارەی هێنراوەکان تەنها لە کەرکوکدا گەیشتە ١٥٧٠٧ خێزان، ژمارەشیان دەیکردە ٩٣٢٥٧ کەس، پاشتریش لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ دا ٦٠٠ کەسی تریش هێنرا، وە ژمارەکەیان بەردەوام لە زیادبووندا بوو تا پێش شەری عێراق ( ڕوخانی ڕژێم - و.).

نەک هەر ئەمە، بەڵکو - بەپێی هەندێک سەرچاوە - سەددام نەخشەی نیشتەجێکردنی نیو ملیۆن فەلەستینی لە کەرکوکدا هەبووە، بۆ ئەوەی جێگای کورد و تورکمان بگرنەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنە سیاسییەی، کە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشەنتۆندا، هەروەها بۆ ئەوەش کە ڕۆڵی یاریکەری سەرەکی ببینێت لە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستیندا.
بەڵام نەخشە و ڕێکەوتنی (نیشتەجێکردنەکە) جێبەجێ نەکرا، هەرچەندە سەددام بە کرداری کۆمەڵێک خێزانی فەلەستینی لە بەغداوە بۆ کەرکوک و خانەقین هێنا و نیشتەجێیکردن. ڕژێمی عێراق عەرەبی بە کۆمەڵ بۆ کەرکوک دەهێنا، لە هەمان کاتیشدا کورد و تەنانەت تورکمانیشی لەوێ دوور دەخستەوە، وە بەر لە سەرژمێری ١٩٧٧ کۆمەڵێک هەنگاوی ئیداریشیان نا، کەوا کوردەکان ئەمەیان ڕەفزکردەوە و هەر پاش روخاندنی رژێم لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣، دەستیان کردەوە بە ناردنەوەی هەزارەها لەو بەزۆر ڕاگوێزراوانە بۆ ئەوێ، هەروەها ژمارەیەکی زۆری تورکمانیش، کە وەختی خۆی ڕاگوێزرابوون هەمان کاریان کرد، لێرەوە قۆناغێکی نوێی ململانێ و ناکۆکی لە سەر شوناسی عێراقێتی کەرکوک دەستپێێکرد، وە گرفتی نوێ لە سەر خاوەندارێتی زەوی و خانوو دەرکەوت، کەوا رژێمی سەددام، بە پێی ئیجرائاتی ئیداری ئاڵۆز، لە سەر عەرەبی تاپۆ کردبوون.

تەنها عەرەبەکان نین باس لە (پاکسازی ڕەگەزی) بۆ شوناسی تر دەکەن، کە ڕوبەڕویان بۆتەوە، بەڵکو تورکمانیش گومانیان لە سەر سیاسەتی (بەکوردیکرن)ی کەرکوک لا دروست بووە، بە تایبەتی هەردوو پارتەسەرەکییەکەی کورد (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە پیادەکردنی بەرفراوانی ئەم سیاسەتە لە شارەکەدا، بەمەبەستی گۆڕینی سروشتی دانیشتوانەکەی، تۆمەتبار دەکەن. تەنانەت پێش دەرچونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە سەردەمی حاکمی مەدەنی

ئەمریکی بۆ عێراق پۆل بریمەر وە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، کە ئەو راستەوخۆ پاش روخانی رژێمی سەددام و لە ٢٤ مایسی ٢٠٠٣ دا ئەنجام درا، سەرپەرشتی دەکرد.

دانانی ٣٠٠ نوێنەر لە کوردەکان و تورکمان و عەرەب و ئاشورییەکانیش بۆ هەڵبژرادنی یەکەم ئەنجومەنی شارەوانی کەرکوک لە لایەن ئەمریکییەکانەوە، کە هەڵبژاردنی ٣٠ ئەندام ( ٢٤ بە یەکسانی و هێزی ئەمریکیش شەش کەسیان وەک بێلایەن دەستنیشان کرد)ی لێکەوتەوە، نەیتوانی ڕێگە لە نیگەرانی و بارگرژی و دڵەڕاوکێی ڕەگەزی بگرێت.، پاشتریش ژمارەی ئەندامەکانی ئەنجومەنەکە زیادکرا بۆ ٤١ کەس و پارێزگارێکی کورد و سێ نوێنەری لە کورد (ئەمە هەڵەیە و ڕاستیەکەی عەرەبە ـ و.) و ئاشوری و تورکمان بۆ دیاریکرا.

## رۆڵی گرنگی تورکیا

کوردەکان لە لایەنی خۆیانەوە وایدەبینن، کە بەتورککرنی کەرکوک پێش بە عەرەبکردن بووە و هەر لە سەردەمی عوسمانی و روخانی میرنشینی بابانی کوردییەوە پیادە کراوە، وە دەوڵەتی عوسمانی کەرکوکی وەک مەڵبەندێک بۆ مۆڵکردنی سەرباز بەکارهێناوە، خوێندنگای تورکی کردۆتەوە، کە بەمەش سەرکەوتو بووە لە گۆڕینی زۆر بنەماڵەی کوردی ناودار بۆ تورکمان بە ناوی (ئاوچی و قیردار و نەوتچیزادە و یاقوبزادە ...)، لەم واقیعە ترسناکەی کێشەوبەردەی ڕەگەزیەشدا، ئەوەی کە پێویستە بگوترێت کوردەکان کە هەموو هەوڵەکانی پێشتریان بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی کورد رەتکردۆتەوە، چونکە خستنەسەری کەرکوک بۆ هەرێمەکەیانی تێدا نەبووە، ئێستاش وا ماوەیەکە رایدەگەیەنن، کە کەرکوک بۆ ئەوان قیبلەیە و وەک قودسە بۆ عەرەب و موسوڵمانەکان.

بە گوێرەی بۆچوونیش کوردەکان قەت وازیان لە بیرکرنەوە لە وڵاتێکی کوردی سەربەخۆ نەهێناوە، هەرچەندە ئەمە درێژەی کێشاوە، بەڵام سەرکەوتوو نابن لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیاندا بە بێ ئەو سامانەی کە لە کەرکوکدا هەیە و لە سەرو هەموشیانەوە نەوت. ئەمەش هەمان هۆیە بەریتانیا بە هۆیەوە ولایەتی موسڵ، کە کەرکوکیشی تێدا بوو، بە پێی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ لکاند بە عێراقەوە. بەریتانیا وای دادەنا ، کە تورکمانەکان هاوسۆزن لەگەڵ تورکیادا و مەترسی نین بۆ سەر بەرژەوەندییە گرنگەکانیان، چونکە کەمینەیەکن و دەکەونە نێوان دوو نەتەوە سەرەکییەکەی عەرەب و کوردەوە.

ئەم ڕایە ئەوە نیشان دەدات، کە تورکیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ململانێی کەرکوکدا، بە گوێرەی فاکتەری مێژوویی و جوگرافی و ئەو هێڵی بازرگانیەی، کەوا هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی بە یەکەوە دەبەست و بە هێڵی سوڵتانی ناسرابوو وە هەر لە دیاربەکرەوە بۆ تەلعەفەر و موسڵ و هەولێر و کەرکوک و دیاله و خانەقین درێژ دەبووەوە، ئینجا بەرەو کرماشان و وڵاتی هیندستان. هەر بە هۆی ئەم ڕێگەیەشەوە تورکیای عوسمانی ژمارەیەکی زۆری تورکی هێنا، بۆ پارێزگاری رێگاکە و پشودانی کاروانەکان، لەمبەروبەری ڕێگاکەوە نیشتەجێی دەکردن.

بەهەر حاڵ و تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەکانی هەریەک لە کورد و تورکمان لە سەر دانیشتوانە ڕەسەنەکانی کەرکوک ڕاست بێت، دەبێت بگوترێت، کە ئەوەی لە دەرەوەی شارەکەوە بۆ کەرکوک هاتوە، لە مەریخەوە یان مانگەوە دانەبەزیوە، ئەوانە بە ئارەزوو لە خۆڕا لەوێ دانەنیشتون، بەڵکو لە سەر

بنچینەی (باشترین شوێن خاکێکە بەخێروبێر بێت) هاتونە و کەرکوکیش هەر لە کۆنەوە لە زەویە بە پیتەکانی خوا بووە.

خۆ ئەگەر سەددام و ئەوانەی پێشتر ئەم کێشەیەیان دروستکردوە، ئەوا ئێستا لێرە و لەوێ دەنگانێک بەرز دەبنەوە و داوا لە (پیاوە ژیرەکانی نەتەوە) دەکەن، کە واز لە ڕێکەوتنە سیاسییەکان بهێنن ( ڕۆژێک من و ڕۆژێکیش تۆ)، تاوەکو نەکەونە کارەساتێکی نوێی ترەوە، ئەوەندەی تر لە عێراقی نوێدا قوڕەکە خەستتر بکاتەوە و کێشەکان ئاڵۆزتر بن، کە نەک هەر مانای هاووڵاتی بوون بخاتە مەترسییەوە، بەڵکو هەڕەشەش بێت لەسەر ئەڵقەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کە لە نێوان ڕەگەزێکیشدا و بگرە لە ناو یەک خێزانیشدا هەیە.

٢٠٠٧/٣/١ ڤینتەرتور

**تێبینی و سەرچاوە/**

- کرکوک: أزمة موطنة أم معضلة وطن؟ نجام محمد علي - دوبي، www.swissinfo.org , ٢٠٠٧/٢/١٩

- وێنەکەی لەگەڵ بابەتەکەدایە، دیمەنی بازاڕی میللی کەرکوک لە ناوەڕاستی شار و سەر پردەکەیە، کە لە ٢٠٠٧/٢/١١ دا گیراوە.